ویستم بە زۆر بچمە ناو رانیەوە، پاڵێکی توندی پێوەنام، قەت نەمدەزانی هێندە بە هێزە، ئەو کچەی تازە هێند نەرم و شل بوو، دەتگوت هێز لە گیانی نیە، ئەو هەموو هێزەی لە کویٚ کۆکردبۆوە، بە سەر خۆم نەهێنا داوای لێبووردنم لێیکرد، هەستایەوە ماچێکی چاومی کرد و گوتی:

هەڵێگرە بۆ شەوی..

لە دڵی خۆم گوتم، نا، بۆ ئەو دەم نا، بۆ هەڵێکیتر..

-6-

## پەری:

ئەگەر دەنگی بابم نەدەبوو، چۆن دڵم دەهات ئەو پاڵە توندە بە کوڕی پیاوە مەستەکەوە بنێم، ئەو پاڵەی هەستمکرد لە گوللەیەك قووڵتر برینی خستە گیانیەوە،بە چاوی خۆم برینەکەیم دیت، ئەو نەیویست بە سەرخۆی بێنێ، شاردیەوە، بەڵاّم من دیتم، گۆرانیەکەشم تاساند، لە ڕێیێ سەرکۆنەی خۆمم دەکرد بۆچی بە برینداری و بە تەنێ لە ژوورەکەیم بەجێهێشت، چ دەبوو ئەوجارە گوێم بە دەنگی بابم نەدابا، ئەرێ من ڕەنگ نیە لێوم لە لێوی ئەو کوڕە نزیکبکەمەوە، بابم دەنگمدەدا! دەستم بشکێ، بۆچی بە دڵشکاوی بە جێمهێشت، بۆچی پاڵمپێوەناو نەمهێشت، ئای چەند پاڕایەوە، بە پاڕانەوەی وی وەك شەکری ناو ئاو دەتوامەوە، کەچی ڕەقیم نواند، باشە خۆ هەر چەند رۆژێکیترە من شەوێك بە بووکی دەچمە ئەو ماڵە، بۆچی بۆ ئەو شەوەم هەڵگرت، خۆ ئەو دەمیش هەر ئەو تامە دەدا، ڕەنگە کەمتریش، خۆ لەو شەوە هێندە ناپاڕێتەوە، چەند خۆش بوو لە ساتەکانی پاڕانەوە بمهێشتبا، خوا دەزانێت چ چێژێکم لێدەبینی، نا ئەو جارە ئەگەر پاڕایەوە بۆی رادەکشێم، با ئەوەی نەبووە ببێت، خۆ من هەر ژنی ویم، دەبمە ژنی..

لە تەنیایەکی دڵشکاویدا بە جێمهێشت، لە کۆلاّنێ دیتم لە پەنجەرە ڕووناکەکەوە تەماشام دەکات، وەخت بوو بۆی ئاگر بگرم، بانگمی کردبا

ئۆخەیش، چا نەبوو ئەوجارە جانتاکەم جگە لە کلێنس و چەند دینارێك و بۆنێك چیدی تێدا نەبوو، من بەختم هەیە، دەنا جانتای من کەی بێ پەڕە کاغەزی قاچاغ بووە..

لەو کاتەی ئیزرائیلەکان وازیان لێمهێنا، کوڕی پیاوە مەستەکەش پەیدا بوو بە هاتنی کوڕ، باوك بزر بوو، چ زوو دیار نەما.

+ چ بوو؟ هەناسەم گیرا..

- چ نیە،بە هەڵە دەوریان دام..

+ بەڵام جارێکیدی بە راستی دەورت دەدەن

- مەترسە دەوری تۆ نادەن

+کچێ، شێتە، حەفتەیەکیدی ژنی منی، ئاخر..

- ناو کۆڵانە جێی قسە نیە

ئەوە یەکەم جار بوو چەند کەسێکی کۆڵان من و کوڕی پیاوە مەستەکە بە یەکەوە ببینن، بەڵام رەنگە هیچ گومانێکی دروستنەکردبێ،قاتزەیتوونیەکان وەهایان پێنەکردم کەس هیچ گومانێکیترم لێبکات، لە رێیێ لەبەر خۆمەوە دەمگوت چ دەبوو، ئەگەر کەسێکم خۆشویستبا لە زۆر شت بە تایبەتیش لە سیاسەت کەمێك لێم نزیکبا، زوو ئەو ئارەزووە رەویەوە، ئەوجارە گوتمەوە، عەشق لە سیاسەت گەورەترە، دژەکان هەر هەموو دژەکان لە ناو عەشق جێگەیان دەبێتەوە، عەشق بە هیچ ناگۆڕمەوە، بۆ دەگۆڕێتەوە!

من دواتر بیستم، لە چەند کۆلانێك لەو لاوە نزیك ماڵی موختار، پۆستەر هەڵواسراوە، گوایە پۆستەرهەڵواسەکە کچ بووە..

لە رێگەی گەڕانەوەم بۆ ماڵ چەند جارێ ئاوڕم دایەوە، کوڕی پیاوە مەستەکە بە دوامەوە بوو... باش نەبوو، نەهاتن و ماڵیان نەپشکنی، خۆ

دەمەونیوەڕۆیەی پەری لە زیندان هاتەوە من هەر لە سەر لە سەر ئەو دەرگایە و لە سەر ئەو کۆسپە و بەو جلکانەوە دانیشتبووم، من هەمیشە ئێرە جێی دانیشتنمە، بەلاّم ئەو سێ رۆژە لە چاوەڕێی پەری لێرە دانیشتبووم، کە گەیشت بە قورگی پڕ هەنسکەوە باوەشی پێمدا کرد، رێك وەك ئەو جارەی کە هات و هونەری مانگانەی پەڕۆم فێرکرد، بەلاّم ئەوجارە نەهاتە ژووریٚ، بە ئەسپایی پێیمگوت:

گویٚ مەدە کچێنیەکەت، کانیی کوێستانیٚ بە دەوی سەگی بیابانیٚ پیس نابێت..

پەری بزەیەکی شیرینی کرد و گوتی:

نا، نەگەیشتنە ئەویٚ..

سەرم لە وەلاّمی پەری سووڕما، هەر کەسێکیدی با باوەڕم پێینەدەکرد، بەلاّم پەری هی درۆ نەبوو، هەرکیٚ بلّی درۆم لە پەری دیتووە، درۆدەکات، بەلاّم سەیریش بوو، من بیستبووم، هەموو خەلّکیش دەزانن، هەر کچێك هەر ژنێك ئەگەر بۆ یەك جغارەخۆریش بکەوێتە زیندانیٚ بێبنی دەکەن، ژن و کچ لە دەستی ئەوانە رزگاریان دەبیٚ؟ ئەوجا کچێکی وەك پەریش، کوڕی شار بۆی شێت دەبوون..

جارێکیتر وا بزانم هەر ئەو سالّەی سێ شەوی لە زیندان کردەوە، پەریم بە خەفەتباری دیوە، ئا هەر ئەو سالّە بوو هێشتا زیندانی نەدیتبوو، هێشتا چ قامچی بە لەشولاری نەکەوتبوو، رۆژێك هەلّەم نەکردبیٚ هەر دەمەونیوەڕۆ بوو، پێدەچێت هەموو ساتە خەفەتاویەکانی پەری بکەونە دەمەدەمی نیوەڕۆییٚ، هەر لێرە و لە سەر ئەو کۆسپە پەریم بە خەفتباری دیت، وەی وەی خۆزی بمردبام پەریم بەو رەنگ پەڕیویە نەدیتبا، ئەو جاریش هەر دەتگوت جاری یەکەمیەتی خوێنی ناو گەلّی خۆی ببینیٚ، ئەو جاریش هەر دەتگوت سێ شەو لە زیندانی سەگ و گورگان بووە، ئەو جاریش لە باوەشم کرد و بە قەد کۆلاّنێك ماچم لە کولّمەکانی کرد، کەس هێندەی من پەریی ماچ نەکردووە، وەك من چوار مێردیش بکات، نالّێم وەك سەلما، بە

-15-

## بابی ماچ:

درەختە گوڵاوییەکەی گڵکەند درەختێکە کەس نیە رێی بەویٚ کەوتبێت و لە سێبەرەکەیدا هەناسەیەکی نەدابێت، هەستیپێکردبێت یان نا، یەك بەسینەی خۆی گوڵاوی هەڵنەمژیبێت، درەختێکی گوڵاوییە، چوار وەرزەی ساڵ گوڵاوییە و گەڵا گەڵا بۆن و بەرامە دەپژێنیٚ، لە وەرزی وەرینیشدا هەر گوڵاویە، کەس نازانێت گوڵاوی درەختە گوڵاوییەکە لە دەستی کێیە، کیٚ ئەو درەختەی بۆ هەمیشەیی لە گوڵاو گرتووە، هەر کەسە و قسەی خۆی هەیە، شێتە جیاوازەکە دەڵێت:

ئێوە نابینن، بایەك دێت، من بە چاوی خۆم دەیبینم جگە لە من کەس نایبینێت پێش رۆژهەڵات بێرەدا ئەها بەو کەلێنەدا دێت، من دەیبینم، بۆنی دەکەم، دێت دێت، دەچێتە ناو ئەو درەختە و بزر دەبێت، ئەو بایە ، هەموو رۆژێك هەڵدەکات، هەموو رۆژێك ئەو وەختە دێت، ئێوە نایبینن، جگە لە من کەس نایبینێت..

بەلاٚم دارا کە بەردەوام بوتڵێك عەرەقی بە دەستەوەیە، بەردەوام دەیڵێتەوە:

بڕوای پێمەکەن، ئەو شێتە لە تەمەنی خۆی یەك فڕ عەرەقی نەخواردۆتەوە، بۆیە بڕوای پێمەکەن، درۆ دەکات، من دەزانم ئەو درەختە گوڵاو لە دەستی کیٚ وەردەگرێت و گەلاٚو لقەکانی پیٚ گوڵاوپژێن دەکات، ئەگەر دەتانەوێت بزانن ئەو دەستە دەستی کێیە، وەرن بۆنی دەستی من بکەن، من هەموو درەنگانی ئێوارەیەك ئەو دەمەی جەنگۆش لێرە نامێنێتەوە، بەو دەستانەی خۆم یەك بوتڵ گوڵاو بەو درەختەدا دەپژێنم.

جەنگۆش کە ناوە ناوە چەقۆ دەسك رەشەکەی دەردێنیٚ و پیشانی خەڵکی دەدا، زۆر کەس لێیان بیستووە:

عەشق، پەری دوای ئەو هەموو ساڵە چیە ئەو هەموو دەردەسەریە سەردەکەن و دێنە سەرمەوە و دەمکرۆژن! پەری وەرە فریام بکەوە، نا لێمگەڕێ، با بە دەردی خۆم بتلێمەوە، ئەو یادگارە تاڵە منی کوشت پەری، چی دەبوو تۆ نەك حەفت پایز حەفدە پایزیش عەشقی کوڕێکییدی بای تەنها یادگار نەبا، تۆ نازانیت من چەند بە دەستی ئەو یادگارەوە ئازاری گیانیم کێشاوە، پەری تۆ هەڵەت کرد، دەبوو زوو هەر لە بن درەختی گوڵاوی بتگوتبا: من دولبەری حەفت پایزەی یادگارم ئەو یادگارەی چوار ساڵ لە زانکۆی بەغدا بوو، هەموو پێنجشەمووان لەبەر خاتری من دەهاتەوە، ژوانی ئێمە حەفت پایزی رێك حەفتەی جارێك، هەموو شتێکیشی لەگەڵم کردووە، دەبوو بڵێی من بەرماوەی یادگارم، ئای! چیم گوت، خۆ کچ خواردن نیە تا ببێتە بەرماوە! پەری هەستدەکەم لێوەکانت بە دەمی یادگار پیس بوونە، گۆی مەمکەکانت، سێگۆشەی خاڵان، هەموو لەشت یادگار پیسی کردوون.... پەری ئەگەر واتگوتبا، من دەمگوت: باش بوو ئەو نهێنیەت درکاند، ببوورە چیدی ناتوانم بتبینم... نا، ببوورە، پەری ببوورە، باش بوو وات نەگوت دەنا لە دەستمدەچووی، جوانترین و میهرەبانترین ژنم لە دەستدەچوو، نا، ئەگەر بشمزانیایە من هەر خۆشمدەویستی، هەر دەمخواستیت، ببوورە پەری ژنە هەمیشە جوانەکەم هەمیشە لە دڵەکەم، هەمیشە عاشقەکەم، نە یادگاری تاڵ و نە کەسیدی تۆ لە من ناکات، باش بوو وات نەگوت، دەنا دوور نەبوو بۆ من نەبیت، من هەمیشە قەرداری تۆم، ئەو چێژەی من لە تۆم بینیوە، کەس لە کەسی نەبینیوە، یادگار ناڵێم!!..

ئای پەری لە رۆژی دوا رۆژی ساڵ من چیم بە چاوی خۆم دیت، ئەو رۆژە رۆژێکە گیانی منی هاڕی، وێران بووم، ئێستا لە کەلاوەیەك پتر چیتر نیم، تێکیشکاندم، ئەو رۆژە چیم دیت، چیم بیست، پەری من لە دەستچووم، پەری من گوناهم کرد کەوتمە داوی عەشقەوە داوی تۆوە! پەری، تۆ ئەو هەموو سەرهاتەت لە کوێ بوو، تەمەن چیە هێندە سەرهاتە سەیرە بگرێت! خۆزگە ئەو سپێدەیە لە ماڵ

